# عامر حوسینی وەک سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن دیاریکرا

ئەمڕۆ یەکشەممە،کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان "عامر موسا حوسینی " وەک سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن دیاریکرد.

کۆمیسیۆن لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە : کە ئەمڕۆ یەکشەممە "ئەنجومەنی کۆمیسارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لە بارەگای کۆمیسیۆن کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا کە کە تیایدا سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەن بەشداربوون بە دیاریکردنی سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە : بە کەی دەنگ متمانە درا بە دادوەر "عامر موسا حوسینی" وەک سەرۆکی کارگێڕی هەڵبژاردن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : ئەم دەنگدانە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە کە تێیدا هاتووە (درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی کۆمیساران بە خولی ئێستا بە ماوەی دوو ساڵ کە لە 1/2025/7وە دەست پێدەکات و ئەنجومەن بەردەوام دەبێت تا 6/1/2027 لە ئەنجامدانی ئەرکە یاساییەکانی لە ماوەی دیاریکراوی ئاماژەپێکراو لە بڕیارەکەدا.